# یاسای ژیان

## جاك گریفس لندن

پ.ی.د.محمد عزیز سعید لە ئینگلیزیەوە وەری گێڕاوە.

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ، زانکۆی سەلاحەددین — هەولێر

ئەدەبی ئەمەریکی. یاسای ژیان - کورتە چیرۆکی ئەمەریکە ، نوسینی جاك گریفس لندەن. بۆ یەکەمجار لە ئاداری 1901 لە ژمارە 16 ی گۆڤاری مەککلۆر بلاّو کراوەتەوە.

کوسگووشی پیرەمێرد، بە دڵ تەنگیەوە گوێ ی ڕاگرتبوو. هەرچەندە چاوەکانی بینینی لاواز بووبوون، گوێ ی بیستنی باش بوو، هەموو شتێکی دەبیست. دەنگە نزمەکانی بە عەقڵی دەناسیەوە. ئای! ئەوە سیت-جوم ها یە. بە نەفرەتەوە هاوار لە سەگەکان دەکات. زینەکانیان لێ دەبەستێ. سیت-جوم ها کچی کچیەتی ( نەوەیەتی)، زۆر مەشغولە، کاتی نیە لەگەڵ باپیرەی دابنیشێ و کاتی بە فیرۆ بدات. باپیرەی بە تەنیا لەناو بەفرەکەدا دانیشتبوو. کەمپەکە هەڵ بووەشێنن، ڕەشماڵەکان هەڵبگرن. ڕێگا درێژەکە چاوەڕێ ی دەکردن. ڕۆژ کورتە، کاتی کات بەفیڕۆدان نیە. ژیان بانگی نەوەکەی دەکرد، ئەرکی ژیان، نەك مردن. باپیرەی لە سەرەمەرگ دا بوو.

یادەوەرییەکان پیرەمێردی ترساند. خۆی بلاّو کردەوە، دەستی خستە سەر کۆمەڵێك چیلکەدار لە تەنیشتی دانرابوو. دڵنیایی  بوونی چیلکەکان لە نزیکیەوە ئارامی پێ بەخشی. دەستی بردەوە ناو باڵتۆ فەروەدارە  کۆنەکەی. گوێ ی دەگرت، گوێ ی لە خشەی پێستی ئاژەڵێکی نیمچە بەستوو بوو. زانی ڕەشماڵی سەرۆکە، لەپێستی مامزە گەورەکانی ئەمەریکا دروست کراوە و هەڵگیرا. سەرۆك کوڕیەتی. سەرۆکی پیاوانی هۆزەکەیە. ڕاوچیەکی مەزن و سەرکەوتووە. ژنان ئیشیان دەکرد، سەرۆك هاواری لێ کردن ، بۆچی لەسەرەخۆ کاردەکەن، پێویستە پەلە بکەن. کوسگوش ی پیرەمێرد، گوێ یەکانی بۆ بیستن قیت کردبوو. بۆ دوایین جار، ئەم دەنگە دەبیستێ.

ڕەشماڵی گێهو ڕۆیشت، هەروەها ڕەشماڵی توسکین! حەوت، هەشت، نۆ، تەنها پیاوە دەرمانسازەکە لە وێ مابوو، وەستا بوو. لەوێ! لەو کاتەوەی ئیشیان دەکرد، گوێ ی لە دەرمانسازەکە بوو، بە دەنگی بەرز، تێدەکۆشا. لەسەر گالیسکە خشۆکەکەی دانا. منداڵێك گریا، ژنێك بەگۆرانی گووتن، ئارامی کردەوە. پیرەمێرد گووتی، ئەو منداڵە کوو-تی یە. ئەو منداڵە نەخۆش بوو بەردەوام دەگریا. لەوانەیە بەم زوانە بمرێ. کونێك لە بەفرەکە هەڵدەکەنن، تێ ی دا دەنێژن. کۆمەڵە بەردی دەخەنەسەر، تاوەکوو لاشەکەی لە گوورکەکان بپارێزن. ئایا ئەمە هیچ جیاوازییەك دەکا؟ دوای چەند ساڵێك، زگە برسیەکان دەی دۆزنەوە و دەیخۆن. مردن چاوەڕێیە، هەروەها برسییەکانیش چاوەڕێن.

ئەوە چی ڕوویدا؟ ئۆی، پیاوەکان گالیسکە خشۆکەکان بەیەکەوە دەبەستن، پەتەکان توونـد دەکەن. گوێ ی لێ یان بوو. دەنگ نەما. دەنگی قەمچیەکان، سەگەکانی جوولاّند. دەستیان کرد بە وەڕین. سەگەکان حەزیان لە ئیش نەدەکرد، ئارەزووی ڕێگای ناو بەفریان نەبوو. دەستیان بە ڕۆیشتن کرد. گالیسکە لە دوای گالیسکە، بەناو دارستانە کشووماتەکەدا جوولاّن. ڕۆیشتن. لە ژیانی دەرچوون. بە تەنیا لەگەڵ دوا ساتەکانی ژیانیدا مایەوە. نەخێر، هەنکاوی پێلاّو، ڕووی بەفرەکەی شکاند. پیاوێك لە تەنیشتی وەستا، دەستی نەرمی لە سەر سەری دانا. کوڕەکەی بوو. بیری لە پیرەمێردەکان دەکردەوە، لەکاتی خۆیدا، خێڵ باری کردوە ، کوڕەکان چاوەڕێیان نەکردووە. کوڕەکەی

خۆی چاوەڕێ ی کرد. پیرەمێرد چووبووە ناو ڕابووردووی. دەنگی کوڕەکەی بە ئاگای هێنایەوە. گووتی " چۆنی، باشیت؟"

پیرەمێرد" بەڵێ، باشم"

" چیلەکە دارەکان لە تەنیشتت دانراون" و " ئاگرەکەش باش دەسووتێت. بەیانییەکی ڕووناکە، زۆر سەرما نییە، بەفر دەبارێ، بەڵێ، ئێستا بەفر دەبارێ." " پیاوەکانی خێڵ بەپەلەن، بارەکانیان قورسە، گەدەیان بەتاڵە، خواردن کەمە. ڕێگا درێژە، خێرا دەڕۆن، باوکە ، ئێستا منیش دەڕۆم، باشە" .

" ئێستا باشە، من وەکوو دوایین گەڵای دارم، بەلاوازی، بەلقی دارەوە ماومەوە، لەگەڵ هەڵکردنی یەکەم با، بەردەبمەوە. دەنگم وەکوو دەنگی پیرەژنی لێهاتووە. چاوەکانم ڕێگای ژێر پێم نابینن، پێ یەکانم قورس بوون، زۆر هیلاکم. زۆر باشە."

بەدڵنیاییەوە، سەری دانەواند، جیرەی دوایین پێڵاو لەسەر بەفرەکە نەما. زانی کوڕەکەی لە دوای پیاوەکان ڕۆیشت. دەستی لە کۆنە باڵتۆ فەروەکەی دەرهێنا. دەستی لە چیلکە دارەکان دا. چیلکەدارەکان بەتەنیایی لەنێوان پیرەمێرد و مردن دا دانرابوون. ئێستا بژاردەی ژیانی ، کۆمێك چیلکەدارە، یەك لە دوای یەك، یەك یەکە بیان خاتە ناو ئاگرەکە. هەنگاو بە هەنگاو مردن لێی نزیك دەبێتەوە. دوایین چیلکەی خستە ناو ئاگرەکە. هەستی بە دوایین گەرمی کرد. ئێستا بەستەڵەك وردە وردە بە هێز دەبێ. یەکەمجار پێ یەکانی دەی بەستێ، ئینجا دەستەکانی، بێ هیوایی وردە وردە دێتە ناو جەستەی. سەری شۆڕ دەبێتەوە سەر ئەژنۆکانی. دوایین هەناسە دەدات، زۆر ئاساییە، هەموو پیاوەکان پێویستە بمرن.

بێزار نەبوو. یاسای ژیانە، بەڵێ، یاسای ژیانە. لە نزیك زەوی لە دایك بووە و لە نزیك زەوی ژیاوە، یاساکە نوێ نیە. یاسای هەموو گیان لەبەرەکانە.سروشت لە گەڵ ژیانەکان بە ڕووحم نیە. گرنگی نادات بە تاکەکان، گرنگی دەدات بە هۆز. گرنگی دەدات بە ڕەگەزی پیاوەکان نەك بەتاك. ئەوە قووڵترین بیر بوو بە عەقڵی پیرەمێردی کوسگوش ی نەخوێندەوار دا دەهات. زۆر بە باشی لە بیرۆکەکەی تێ گەیشتبوو. ڕاستیەکانی بینی، بە هەموو لایەکدا بلاّو بوونەتەوە. بە ئاگا هاتنی ژیان لە دار دا، دەرکەوتنی لقە سەوزەکان، کەوتنە خوارەوەی گەڵای زەرد — لەم تەنیاییەدا، هەموو چیرۆکەکەی دەگووت. سروشت تەنها یەك کاری بە تاك بەخشیبوو، ئەو ئەنجامی نەدابوو، مرد. ئەنجامی دا، هەمووی وەکوو یەك وابوو — مرد. سروشت گرنگی پێ نادات، زۆر هەن مل کەچی دەبن. مەبەست لە پیاو نیە مل کەچ بێ، ژیاوە، بەردەوام دەژی. هۆزی کوسکووش هۆزێکی زۆر کۆنە. ئەو پیرەمێردانەی لەکاتی لاوییدا ناسیونی، ئەوانیش لەکاتی خۆیاندا پیرەمێردەکانی پێش خۆیانیان ناسیبوو. ڕاستە، هۆزەکە زۆر کۆنە. نیشانەی مل کەچی ئەندامەکانیەتی، ئێستا نزارگەکانیان لە بیر کراون. گرنگ نەبوون، بەشێك بوون لە چیرۆکی ژیان. کۆچی دواییان کردووە، ڕۆیشتوون، هەروەکو پەڵە هەورەکانی ئاسمانی هاوین، ماڵئاواییان کرد. لەلای سروشت گرنگ نیە. سروشت یەك کار و یەك ژیانی بەخشیوە. کاری ژیان بەردەوامبوونی ڕەگەزو هۆزە، مردن، یاساکەیە.

کچی لاو، خوڵقاوێکی باشە، تەماشای بکەی، پڕ لە وریایی و هێزە. ڕووناکی هەنگاوەکانی، درەوشانەوەی چاوەکانی، ئەو کارەی لەبەر دەمی دایە. ڕووناکی لە چاوەکانیدا درەوشاونەتەوە ، هەنگاوی خێراتر بووە. لەگەڵ پیاوەکان پێ

کەنی ، ئینجا بەجیٚ ی هێشتوون. مانەوەی دا بە ئەوان. داد پەروەرانە، نەش و نمای کردبوو. شایستەی تەماشاکردن بوو. هەندێ ڕاوچی هەڵی گرت و بردییە ناو ڕەشماڵەکەی، بۆ مەبەستی خواردن ئامادەکردن، ببێ بە دایکی منداڵەکانی. لەگەڵ هاتنی منداڵەکان، جوانییەکەی لە دەست دەدات. کاتێك کچەکە ڕۆیشت، قاچ و دەستەکانی بە دوای خۆیدا ڕاکێشا، چاوەکانی درەوشانەوەیان لە دەست دا. زۆر کەمیان هەستیان بە خۆشی تەمەنیان کردووە. کارەکەی ئەنجامداوە. دوای ماوەیەکی کەم، لە یەکەم برسیەتیدا، یان لە یەکەم ڕێگا دوورەکەدا، بەجێ دەمێنێ، هەروەکوو بەجێ مابوو، لە ناو بەفردا لەگەڵ کۆمێك چیلکەدار. ئەوە یاساکە بوو.

زۆر بە گرنگیەوە، چیلکەیەکی لەسەر ئاگرەکە دانا و گەڕایەوە ناو یادەوەریەکانی. لە هەموو شوێنێك، لەگەڵ هەموو شتەکان. هەمووی وەکو یەك وایە. لەگەڵ یەکەم بەستەڵەك، مێشوولەکان دیار نەمان. کاتێك کەروێشك بەتەمەن دەبێت، هێواش دەبێتەوە، قورس دەبێت، ناتوانێ لەبەر دوژمنەکەی ڕابکات. وورچی گەورەی بەساڵا چوو، کوێر دەبێت. سەگەکان، گالیسکە خشۆکەکان ڕادەماڵن. لەبیرەتی چۆن لە زستاندا، باوکی لە نزیك ڕووباری کلۆندیك بەجێ هێشت. سەربووردەی ژیانە. زستانی پێش هاتنی نێردراوان بوو کە پەرتووکەکان و پاکەتە دەرمانەکانیان بۆ هێنایـن. زۆر جار کوسگووشی پیرەمێرد چێژی لە دەرمانەکان وەرگرتبوو. بەتایبەتی ئەو دەرمانەی پێ ی دەگووترا "ئازار لەناوبەر" ، زۆر باش بوو. ئێستا کوسگووش دەمی تەڕ نابێت. بە بیری هاتەوە کە چۆن نێردراوەکان لە خەمی ئەواندا بوون. گۆشتی نەهێنا بوو بۆ کەمپەکە، زۆری خوارد. ڕاوچیەکان حەزیان لە وە نەبوو. کاتێك نزیك مایۆ بوونەوە، نەخۆش کەوت. لە دواییدا، سەگەکان بەردەکانیان لادەداو بۆ ئێسقانەکان شەڕیان دەکرد.

کوسگووش چیلەکە دارێکی تری لەسەر ئاگرەکە دانا. ڕۆیشتەوە ناو قووڵایی یادەوەریەکانی. کاتی برسیەتیە مەزنەکە بوو. لە کاتی برسیەتیە گەورەکە، دایکی لە دەست دا بوو. لە هاوین ڕاوی ماسیە زۆرەکانیش نەمابوو. ساڵی نەهات و نەهامەتی بوو. هۆزەکەیان چاوەڕێ ی زستان بوون بەلەمەکان بێن. زستان هات، بەڵام بەلەمەکان نەهاتن. هەرگیز بەدرێژایی تەمەنی پیرەمێر، شتی وا ڕووی نەدابوو. کەروێشکەکان زاو زێ یان نەکرد، بێچوویان نەبوو بوو. سەگەکان تەنها پێست و ئێسقان مابوونەوە. لەو تاریکە زەمانەدا، منداڵەکان دەگریان، دەمردن. ژنان و پیرەمێردەکانیش دەمردن. لەم نەهامەتیە، یەك کەس نەما بوو خۆری بەهاری داهاتوو ببینێ. ئەوە ساڵی برسیەتیە مەزنەکە بوو!

پیرەمێرد، ئەو کاتانەی بینیوە کە گۆشت پێش خواردنی تێك دەچوو. سەگەکانیش قەڵەو بووبوون و گۆشتیان نەدەخوارد. لەو کاتانەدا باڵندە و ئاژەڵەکانیان نەدەکووشت. ڕەشماڵکان پڕ بوو بوون لە منداڵانی تازە لە دایك بوو. پیاوان، شەڕە کۆنەکەیان بیر کەوتەوە. بەرەو باشوور پەڕینەوە ، بۆ ڕۆژ ئاوا ، بۆ کوشتنی دووژمنە دێرینەکانیان. کوڕەکەی بیرکەوتەوە، لە کاتی زۆری خێرو خۆشی، گوورگەکان مامزەکانیان ڕادەکێشا. لەگەڵ زینك-ها لەناو بەفر پاڵی دابووەوە، تەماشایان دەکرد. زینك-ها هاوڕێ ی بوو ، دوایی بوو بە باشترین ڕاوچی. ڕۆژێك کەوتە ناو کونەهەوایەکی بەستەڵەکی ڕووباری یۆکۆن. دوای یەك مانگ، لاشەکەیان دۆزیەوە، وەك سەهۆڵ بەستبووی، هەوڵی دابوو بێتە دەرەوە، نەیتوانیبوو.

ئەو ڕۆژە لە گەڵ زینك-ها بۆ یاری ڕاوکردن چووبوونە دەرەوە، بە هەمان شێوەی باوکیان، لە نزیك ڕووبارەکە، شوێن پێ ی مامزێك و شوێن پێ ی گوورگەکانیان دۆزیبووەوە " مامزێکی بەتەمەن" ، زینك – ها گووتی "ئەوە شوێن پێ ی مامزێکی بەتەمەنە، نەیتوانیوە لە هاوەڵەکانی خێراتر بڕوات. گوورگەکان لە مامزەکانی تریان جیا کردۆتەوە، هەرگیز وازی لێ ناهێنن." ئەوەش هەر وابوو، شوێن پێ یان دیار بوو ، شەو و ڕۆژ بەبێ وەستان، لە ئەژنۆی خۆی دەدا، تا کۆتایی لە گەڵیدا دەمێننەوە.

چۆن لەگەڵ زینك- ها ئارەزووی بینینی خوێنیان هەبوو! کۆتاییەکەش، ئاماژەی یادەوەریەکان بوو.

بەتامەزرۆییەوە، ملی ڕێگایان گرت. هەرچەندە کوسگووش شوێن پێ هەڵگرێکی باش نەبوو، بەڵام دەیتوانی کوێرانە، بە دوایدا بڕوات، فراوان بوو، نێچیرەکان نزیك بوون. لەگەڵ هەموو هەنکاوێکدا ، پیرۆکەکەی دەخوێندەوە. ئەو شوێنانەیان دیت مامزەکان لێ ی وەستابوون و بەرەنگاری گوورگەکان بوو بوونەوە. لە هەموو لایەك، شوێن پێ یان لەسەر بەفرەکە دیار بوو. لە ناوەڕاست، شوێن پێ ی قووڵی مامزەکان، لە دەورو پشت، شوێن پێ ی گوورگەکان. هەندێ گوورگ ، چووبوونە لایەك و هەندێکیان هەوڵی گرتنی مامزەکانیان داوە. بەتەواوی شوێنی جەستەیان لە سەر بەفرەکە ئاشکرا بوو، وەکوو ئەوەی ئێستا ڕووی دابێ. لە هێرشەکەدا، گورگێك کەوتبووە ژێر مامزێك، گیانی لەدەست دابوو، ئێسقانەکانی لەوێ مابوو، شایەدحاڵی ئەم ڕووداوە بوو.

دوو کوڕەکە لە شوێنی دووەم وەستان، لێرە ئاژەڵە مەزنەکە، بە بێ هیوا جەنگا بوو. شوێنەکە لەسەر بەفر دیار بوو ، دوو جار ڕاکێشرا بوو. دووجار لە دوژمنەکانی دابوو. زۆر لە پێشتر ، کارەکەی بەجێ هێنابوو، ژیان لەلای خۆشەویست بوو. زینك-ها گووتی، شتێکی سەیرە، جارێکی تر مامزەکە بە ئازایانە بجەنگێ. بەڵام ئەنجامی دابوو.دەرمانسازەکە شوێن برینەکانی بینی.

هاتنە کەناری ڕووبارەکە، بۆ ئەو شوێنەی مامزەکە هەوڵی دابوو لێ ی بازبدات و بڕوات بۆ ناو دارستانەکە. دوژمنەکانی لە پشتەوە پەلاماریان دابوو، بە هێزێکی زۆر، بازی دابوو و کەوتبووە سەر دوژمنەکانی؛ دوو کونی گەورەی لە بەفرەکە دروست کردبوو. ڕوون بوو، کوشتنەکە تازەیە، لاشەی دوو گورگ بەجێ مابوو، گوورگەکان دەستیان لێ نەدابوون. ڕێگا بەخوێن سوور بوو بوو. ماوەی نێوان دوو شوێنەکە، کوورت دەبوەوە. گوێیان لە دەنگی یەکەم جەنگ بوو. لیکاوی دەمی گورگەکان هاتبووە خوارەوە، ددانەکانیان بریقەیان دەدایەوە. زینك-ها و کوسگووش دەست لەسەر ئەژنۆ، ڕێگایان کردەوە. لقی دارسنەوبەرەکەیان بۆ لایەك لادا و بەرەو پێش ڕۆیشتن. ئەوەش دوایین شت بوو دیتیان.

وێنەکان، وەکوو هەموو بیرەوەریە نوێیەکان ، لە لای زۆر هێزدار بوو. چاوەکانی کۆتاییەکەی دەبینی. زۆر ڕوون، هەروەکوو کاتەکانی پێشوو. کوسگووش، لەلای سەیر بوو، لە شەوانی ڕبردوو، گرێ ی مەزنی بەستبوو. سەرکردەی پیاوان بوو، ناوی ببوو بەنەفرەت بۆ دوژمنەکانی.

بۆ ماوەیەکی زۆر، ڕۆژانی لاوی دەهاتەوە یاد، ئاگرەکەی کەم بووەوە، سەرما قووڵتر ، کاری لێ دەکرد. ئەمجارە دوو چیلکە داری خستە سەر ئاگرەکە. بیری دەکردەوە، چەند ژیانی ماوە، بە بەراورد بە بڕی چیلکەدارەکانی ماون. ئەگەر سیت-جووم های کچی بیری بکردایەوە، زیاتر چیلکەداری بۆ کۆبکرد بایەوە، ئەوا چەند کاتژمێرێك ژیانی

درێژتر دەبوو. ئەمەش ئاسایی بوو. بەلاّم ئەو کچێکی خۆش ویست بوو. لەو ڕۆژەوەی بیڤەر، کوڕی کوڕی (نەوەی) زینك-ها بۆ یەکەمجار چاوی خستبووە سەری، پێشینیان شانازیان پێوە نەدەکرد. ئایا ئەوە گرنگ بوو! ئایا ئەویش لەکاتی لاویدا، هەمان ڕەفتاری نەکردووە؟ بۆ ماوەیەك ، گوێ ی لە بێدەنگی جەنگەڵەکە گرت. لە وانەیە کوڕەکەم دڵی لەگەڵمدا نەرمتر بێ. لەگەڵ سەگەکان بگەڕێتەوە. پیرە باوکی هەڵبگرێ و لە گەڵ هۆز بڕۆن بۆ ئەو شوێنەی گالیسکەکان بۆی دەچن.

هەستی ڕاگرت، گوێ ی لە هیچ نەبوو، هیچ، بەتەنیا هەناسەیەکی لە ناوەندی تەنیاییەکی گەورەدا هەڵکێشا. زۆر تەنیا بوو. بووەستە ، ئەوە چی بوو؟ لەناکاو جەستەی هەستی بە ساردییەك کرد. گریانێکی ناسراو، بێدەنگی هەوای شکاند، لێوەی نزیك بوو. چاوە تاریکەکانی مامزێکی بەتەمەنی بەدی کرد- تەنیشتەکانی خوێناوی، قاچەکانی هەڵدڕابوون، شاخە لق دارە گەورەکەی، تا کۆتایی شەڕی دەکرد. پیرەمێرد، چاوە بریقەدارەکانی مامزەکەی دی. زمانە لیکاوییەکەی و ددانەکانی. هەستی کرد نزیك دەبێتەوە، وەگوو خاڵێکی تاریك، لەناوەندی بەفرە پەستراوەکە. لووتێکی سارد، پاڵی بە دەم وچاوییەوە نا، خەیاڵی لە ڕابووردووەوە گەڕایەوە ئێستا. دەستی درێژکردە ناو ئاگرەکە و چیلکە دارێکی ئاگراوی ڕاکێشا. بۆماوەیەك زاڵ بوو بە سەر ترسی پیاودا. دڕندەکە کشایەوە. بانگی براکانی کرد. بە تووندی وەلاّمیان دایەوە. بازنەیەکیان بە دەوری پیرەمێرد دا دروست کرد. پیرەمێرد گوێ ی لە هەناسەکانی بازنەکەی دەورو پشتی بوو. چیلکە ئاگراوییەکەی بە هەمەوولایەکدا دەسووڕاند، دڕندەکان بلاّوەیان نەکرد. یەکێکیان بە هێواشی هاتە پێشەوە، قاچی لە دوای ڕادەکێشا.دووەمیش هات، سێ هەمیش هاتە پێشەوە. هیچیان لە چیلکە ئاگراوییەکە نەکشانەوە.

پیرەمێرد لە خەیاڵیدا دەی گووت " بۆچی ژیان ئەوەندە خوازراوە؟" چیلکە ئاگراوییەکەی فڕێ دایە ناو بەفرەکە. دەنگێکی بچووکی لێوە هات و کووژایەوە. مامزەکان فوویان لێ دەکرد و لە شوێنی خۆیان نەجووڵاّن. مامزە بەتەمەنەکە هاتەوە پێشەوە، کوسگووش بە بێ هیوا، سەری دانەوانەدە سەر ئەژنۆی. ئایا پێویستی دەکرد؟ ئایا یاسای ژیان بوو؟